# چاككردنى كومه‌لگاى كوردستان, گه‌شه‌دان به‌ ريكخراوبوون

**ئاسۆ حامدى**
**ئابى 2005**

بو ئه‌وه‌ى ريكخراوى دروست بكه‌ى پيوستت به‌ ريكخراوبوون هه‌يه‌..
ريكخرابوون گرنگترين هويه‌ بو گه‌شه‌دان به‌كومه‌لگا، ريكخراوه‌ پيشه‌يى و حزبيه‌كان كان ( ئوپوزيسيون و ده‌سه‌لات) ده‌توانن گه‌شه‌ى بى پايان به‌ كومه‌لگا بده‌ن... ده‌بى ده‌ورانى كاريگه‌رى ريكخراوه‌كان له‌ ژيانى كومه‌لگا له‌ كوردستان ده‌ست پيبكات.جون ئازادى ريكخراو بوون له‌ كوردستان به‌رقه‌راره‌...

**پرسيارى سه‌ره‌كى:**
چون رێكخراويكى ستاتيكى و كه‌م ئه‌ندام يان بى ده‌خاله‌ت له‌ كۆمه‌لگا ده‌كيته‌ ريكخراويكى ديناميكى و زۆر ئه‌ندام و ده‌خاله‌تگه‌ر له‌ كۆمه‌لگا؟
پێش ئه‌وه‌ى وه‌لامى ئه‌م پرسياره‌ بده‌ينه‌وه‌، ده‌ست به‌ چه‌ند باسێ ده‌كه‌ين دواى هه‌ر كه‌س ده‌ توانێ وه‌لامێ بۆ ئه‌م پرسياره‌ ديارى بكات..ده‌بێ خوينه‌ر له‌گه‌ل خويندنه‌وه‌و سه‌يرى هێلكاريه‌كه‌ بكات وله‌گه‌ڵى بير بكاته‌وه‌.. ئه‌وكات به‌ يه‌كه‌وه‌ ده‌گينه‌ ئه‌نجامێ....

**هێلكارى**: ئه‌م هيلكاريه‌ ئاسۆيية‌ هه‌موو ئه‌ندامان له‌ يه‌ک ئاستدان، گه‌شه‌كردن و بزوتنه‌وه‌ له‌ هه‌موو لايه‌كه‌ ، دانسى كورسيه‌كان به‌ هه‌موو لايه‌ک له‌ بزوتنه‌وه‌دانه‌..له‌ سه‌ره‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌ ماناى نيه‌، هه‌موو كه‌سه‌كان يه‌كسانن و ته‌نها ليپرسراويه‌تيان جياوازى هه‌يه‌..




له‌ سيسته‌مى ريكخراوى كلاسيكى دا شيوه‌ى هه‌ره‌مى به‌ ناوبانگه‌، ليره‌ هه‌ر ماڵئاواى يه‌كجارى له‌م سيسته‌مه‌ ناكه‌ين، به‌لكو بيروكراتيزم و جياوازى مرۆڤه‌كان له‌ نێو ده‌به‌ين. يه‌كسانى مرۆڤه‌كان له‌ گشت ئاستدا سه‌ره‌تاى چاككردنى كۆمه‌لگايه‌ بۆ يه‌ک ئاست له‌ به‌هاكان. هه‌موو مرۆڤه‌كان يه‌ک به‌هايان هه‌يه‌ له‌ هه‌ر ئاستێكى رێكخراوه‌يى دابن.
ليره‌دا جياوازى كارى نه‌زه‌رى و پراكتيكى نيه‌..ته‌نها جياوازى ئه‌نجامدانى ئه‌ركه‌كانه‌ و ليپرسراويه‌تيه‌..له‌ هه‌مان كاتتدا مرۆڤه‌كان هه‌موو به‌ دلسۆزى كار بۆ ئامانجى ريكخراوه‌ ده‌كه‌ن..

لیرەدا داخوازیەکانی کەسایەتی مانای نیە و رەت دەکریتەوە، نەرم و نیانی ریکخراو یانی خۆ گونجاندنی لەگەل
گشت ئالوگۆرەکانی کۆمەلگا نەک هەر ئەمە بەلکو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کۆمەلگا لە مەسەلە
سەرەکیەکاندا دەبێ هەبێ..ریکخراوەکان دەبێ پاراستنی بەها نەتەوەییەکان لە دەستووری خۆیان دابنێن.
وەلامەکانیان بۆ گرفتەکانی کۆمەلگا پر بە پێستی مەوداکانی خۆیان بن بۆ کۆمەلگا...
لە هیلکاریەکە دیارە کە باس لە یەک ئاست دەکەین..هاتوچۆی نیوان سەرەوە بۆ خوارەوە یان پیچەوانە نابێ هیچ
رێگرێ هەبێ بەلکو کار ئاسانی و گۆرینەوە لە پراکتیکەکاندا هەبێ..دەبێ برینی بازنە بۆ بازنە کار ئاسانی زۆر
هەبێ تا لیدەر...لیدەر و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی تا کادیرانی پێشرەو نابی خۆیان لەسەروو کۆمەل ببنەوە،
بەلکو ئەوان دەبێ مەسەلەکان بە مەسولیەتەوە وەربگرن و کاتین و زۆر راستگۆیانە مامەلە لەگەڵ کارەکانیان بکەن.
زانیاریەکانی دەروون ریکخراوەیی زۆر گرنگن بە راستگۆیی لە بازنەیی بۆ بازنەیی بچیت.. بەبێ کەم و زیاد و
زیدەرۆیی.
لەباری تیوری سەردەمی ئایدئولۆژیاو قووڵ بوونەوە لە فەلسەفە بۆ ریکخراوەکان کاتی نەماوە.هەر ریکخراوەیی ئەم
رێچکە بگرێ تەنها لە سنووری چەند کەسانێ دەخولێتەوە..دەورانێ ژیانێ ئەمرۆ ئاستی هۆشیاری کۆمەلگا بەرەو
پێش دەچێ..بوونی ئەم هەموو ئالوگۆرانە لە ئۆتۆماتیسیرن و ئینفۆرماتیکا کەسەکان ئەوەندە هۆشیاری
کۆمەلایەتییان هەیە تا خۆیان لە خۆیان بگەن..
تەئکید کردنی ریکخراوەکان لە مەسەلەکانی ستراتیژ و تاکتیک و ئوپراسیۆن دەبێ لە کاتی خۆی دابێ، ئەگینا سەر
لە رێکخراو و جەماوەر دەشیوێنی..
گفتوگۆی هەر بازنەیی لەگەڵ بازنەیی هەر لەسەر هەموو ئاستەکان دەبێ.. هەر رێکخراوەیی ستراتیژی دیاریکراوی
نەبوو، ئەوا ریکخراوێکی کاتیە..بۆ ریکخراوە کاتیەکان تەنها ئوپراسیون مەسەلەیە..
ئەوریکخراوانەی دەیانەوێ گەشە بە کۆمەلگا بدەن یان بیگۆرن، ئەوا دەبێ ستراتیژیانە بزوتنەوە بکەن.بۆ کەسیکی
سادەی کۆمەڵ رەنگە زەحمەت بێ بیر لە 10 یان 20 ساڵی تر بکاتەوە بەلام دەبێ بۆ لیدەرو ئەندامانی
سەرکردایەتی ئەمە خاڵی لێکولینەوە بێ...لە هەمان کاتتدا رای گشتی شەقامی کۆمەلگا باس لە ئوپراسیون
دەکا، رێکخراوە حزبیەکان یان پیشەییەکان دەبێ وەڵامی دروستیان بۆ مەسەلەکانی تاکتیک و رۆژ هەبێ.. ئەم کات
رێکخراو بە کۆمەلایەتی دەکاتەوە..
رێکخراو دەبێ حیساب بۆ دۆست و دوژمن بکات هەر چەندە بچوک یان گەورە بوون..کاریگەر و فاکتەرە ناوخۆ و
دەرەکیەکان زۆر گرنگن...نابێ لە دەزگاکانی فکری ریکخراودا غاییب بن..
رێکخراو کردنی کۆمەڵە ئەندامی چالاک لە نێو هەر بازنەیێ لە بازنەکان دەبێ بەردەوامی هەبێ، ئەمە هەم
کۆنترۆلی کارەکانی بازنەی پێش خۆی دەکات هەم ئامادەگی بۆ جیگاگرتنەوەی دەکات..نابێ هیچ رێگرێ هەبێ بۆ
تەدقییق کردن لە دەروونی رێکخراودا لە هەمان کات دەبێ شیتەڵکردنی کارەکان و ئەنجامدانیان ئاسان و بێ هەر
رێگریەک بێ..هەموو ئەندامان نوێنەری رێکخراوون لەدەرەوەی ریکخراودا..پەروەردەکردنی گشت ئەندامان لە ئاستی
رابەری دەبێ سوونەتی رێکخراو بێ..
هەموو ریکخراوێ دەبێ زۆر باش ئاگاداری ئالوگۆرە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیەکانی کۆمەلگاو دەرەوی بێ..لەم
نیوەدا کاری تایبەتی و گشتی خۆی یەکلادەکاتەوە..
رابەران و کەسە تایبەت مەندەکان لە دەروونی رێکخراو و جەماوەردا لە ئالوگۆردادەبن..لیرەدا ئازادی مرۆڤەکان
قسەیەکی لەسەر نیە..
کارکردن لە نێو ریکخراو دا دەبێ بە بەرنامە بێ..گرنگ نیە بەرنامەکان چەندە دەچێتە پێش یان نا . گرنگ بزوتنەوەی
گشتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و تێگەیشتنی گشتە لە هەموو ئالوگۆرەکان.
هەموو رێکخراوەکان دەبێ لە سنووری تەسکی ئەندامانیان زیاتر برۆن،ئوتوریتە وەرگرتن لە جەماوەر تەنها لە
پراکتیکدا بە ئەنجام دێ..ئازادی ئینسانەکان لە نیو ریکخراودا لە گشت ئاستەکاندا ئەم ریگایە خۆش
دەکات.گەشەدان بە چاڵاکیە کۆمەلایەتیەکان لە نێو ئەندامان و لایەنگرانی ریکخراو سەرەتای بە کۆمەڵایەتی
بوونەوەی رێکخراوە لە کۆمەلگادا..

لەگەڵ ئەمەش هەر رێکخراوەیێ ئایین نامەی خۆی هەیە و جیایە لە ئەوی تر. لە هەمان کاتدا زۆر خاڵی هاوبەش
لە نیوان رێکخراوەکاندا هەیە..خاڵی هاوبەش لە ئەمرۆ چاککردنی کۆمەلگایە، لە کۆمەلگایی جگە لە سەرکوت
تۆقاندن، کوشتن و برین زیاتری نەدیووە..وەرچەرخانی ئەم کۆمەلگایە بۆ کۆمەلگایەکی مۆدیرن و شارستانی ئەرکی
گشت رێکخراوەکانە...کاتێ تۆپ و دەبابەکانی شوفینزمی ناسیونالیزمی عەرەبی تۆپ بارانی شارەکانی
کوردستانیان دەکرد جیاوازی ناسیونالیستەکان و مەزهەبی و کۆمەنیستەکانیان نە دەکرد، چۆن لە عەمەلیاتی
ئەنفال ژن و منداڵ و پیر و ئەختیار و موختارو پێشمەرگە و خەلکی گوندەکانی لەیەک جیای نە دەکردەوە..لە سەر
ئەم رابردووە بزوتنەوە بۆ کۆمەلگای مۆدیرن دەکەین، ئینجا مرۆڤ دەزانێ کە ئەرکەکانی نەوەی نوێ چەندە
قورسە.هەر بۆیەش هەولی هەمووانی پێویستە.دەبێ هەمووان هەست بەم لیپرسراویەتیە بکەین...